# دەرکەوتنی کات و شوێنی ئوستوورەیی، لە نەریتە مۆسیقاییەکانی تایبەت بە خانەقاکانی کوردستان

ژیلا ڕەحمانی
(سنە)
( ٢- ٢ )

لە چەند دەیەی ڕابوردوودا، زۆرترین شوێنی ئامادەبوونی دەف لە بۆنە ئایینییەکان و نەریتەکانی تایبەت بە خانەقاکاندا بووە. زیکری هەفتانە، بۆنە ئیسلامییەکان وەک مەولوود، قوربان، ڕەمەزان، میعراج و بەرات، ڕێوڕەسمی پیرشالیار، پێشوازی لە حاجییەکان و ڕەوانەکردنیان و ئەسپەردەکردنی تەرمی کەسە ناودارەکان، لە دیارترین شوێنی لێدانی ئەم ئامێرەیە.

بە ڕای حەمیدڕەزا ئەردەڵان چوونەژوورەوەی دەف و دووتەپڵە لە خانەقاکان، بەهۆی ڕەنگدانەوەی چەمکە عیرفانییەکانی ڕابوردوو لە ئاقارێکی بێ وشەدا بووە (هەمان: ٣٩٦). دەف لێدان لە تەریقەتەکاندا وەکوو ئامرازێک بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ ڕوحی پیاوچاکان لەبەرچاو گیراوە. دەروێشەکانی تەریقەتی قادری لە کوردستاندا ئەو بڕوایانەیان هەبووە کە دەف لێدان لە نەریتی زیکردا دەبێتە هۆی حازربوونی فریشتەکان و ڕوحیانەتی پێغەمبەر و پیاوچاکان (Doubleday, 1999). لێدانی دەف لە خانەقاکاندا بەشێوەی بەکۆمەڵ بەڕێوەدەچێ.

لەگەڵ ئەو هەموو بەکارهێنانە جۆراوجۆرەی کە لە ڕابوردوودا ئامێری دەف هەیبووە؛ سەرەکیترین شوێنی دەرکەوتنی ئێستای ئەم ئامێرە لە زیکری هەفتانەی خانەقاکانە. بەپێی زانیارییەکانی ئەم وتارە، ئامێری دەف لە چاو ئامێرەکانی تری موزیک زیاترین بەکارهێنانی لە خانەقاکاندا هەبووە. دەف لە هەموو ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە خانەقاکان لێ دەدرێ. هەندێک بیروبۆچوونی تایبەتیش لە سەر پیرۆزبوونی ئەم ئامێرە هەیە.

ئەگەر ئامێری دەف لە پێستی گیانداری حەرامگۆشت دروست ببێ، لێدانی لە خانەقاکاندا قەدەغەیە (نەسروڵلاپوور، ١٣٧٨: ٧٨). بە هەر هۆکارێکەوە پێستی دەف بدڕێت، دەستەواژەی شەهیدبوونی بۆ بەکاردێنن. بەپێی ئەوەی کوردەکان هەرگیز ئامێری دەف لە ڕووی پێستەکەیەوە لەسەر زەوی دانانێن، دەکرێ بوترێ کە پێستی ئەم ئامێرە، لایەنێکی نیشانەیی پیرۆزی هەیە، هەروەها هەر کات ئامێری دەف لە ڕووی پێستەکەیەوە لەسەر زەوی دابنرێ، هێندەی قەبارەکەی ناوەوەی، نوقڵ و شیرینی

خێر دەکەن. لە سەدە سەرەتاییەکاندا نەزر و پێشکەشییەکانیان لە دیوی ناوەوەی دەف دەنا (ڕێدمۆند، ١٣٨٦: ١٠٧). جیاوازییەک نییە کە خانەقا، یان ماڵی موریدەکان بێ، لە هەموو شوێنێکدا ئەم ئامێرە بەدیوارەوە هەڵدەواسن، یان شوێنێکی تایبەتی لە بەرزایی بۆ تەرخان دەکەن.

لەسەر مێخەکەکانی ئەم ئامێرە، ١٠١ ئەڵقە دانراون. ژمارەی ئەڵقەکان بەرانبەر ئەو سیفاتانەیە کە بۆ خودایان باس کردووە. چۆنێتی دانانی ئەڵقەکانیش لایەنێکی ڕەمزی لە خۆ گرتووە. لە ناوەوەی کەمانەکەدا، سەرەتا دوو یەک ئەڵقە، پاشان ئەڵقەیەکی دووانی، یان سێ دانەیی جێگیر بووە (بڕوانە وێنەی خوارەوە). بە لە بەرچاوگرتنی بابەتی دەست لێ گیربوون وەکوو یەکێک لە بنەماکانی تەریقەتی ناوچە کوردنشینەکان، وا دەردەکەوێ کە هەر کام لەم ئەڵقەگەلە، هێمایەک بۆ یەکێک لەو گرووپە بێ کە لە زنجیرەی تەریقەتدان. «شێخ»، «خەلیفە»، و «مورید» پێکهاتەیەکی سێ دانەیین و لە هەموو خانەقایەکدا بەدی دەکرێ، بۆیە دەکرێ بوترێ کە دووانەییبوونی ئەڵقە کۆتاییەکان لەو زنجیرە، بە یەکسانبوونی ژنان و پیاوان لە جیهانبینی تەریقەتەکاندا ئاماژە دەکات. ژنان خەلیفەی تایبەت بە خۆیان هەیە و نەریتەکانیان جیا و بە بێ ئامادەبوونی پیاوان بەڕێوەدەچن.



ئەڵقەکانی دەف

شمشاڵ یەکێک لە ئامێرە فوویستەکانە. ئەم ئامێرە قەمیشی نییە و فووی ژەنیارەکە ڕاستەوخۆ دەڕواتە نێو ئامێرەکەوە. هەر ئەم تایبەتمەندییەش، بووەتە هۆی ئەوەی ڕێگە بدرێتە شمشاڵ بچێتە نێو خانەقاکانی کوردستانەوە. لە پێکهاتەی قەمیشدا، دوو پارچەی دارین بە شێوەی نێر و مێ لە تەنیشتی یەکتر دادەنرێ. بەو ئەقڵیەتەی کە ئەم تێکەڵییە بەشێک لە خۆشییەکانی دنیا بیر دێنێتەوە؛ دیکەی ئامێرە فوویستەکان ڕێگە نەدراونەتە نێو خانەقاکانی کوردستانەوە.

لە سەرەتادا شمشاڵ لە نەریتی مۆسیقایی خانەقاکاندا بەشدار نەبووە، بەڵام پاشتر لە نێوان زیکرە بەکۆمەڵەکان و هاوکات لەگەڵ وتنی شیعری ئایینیدا بەکار هاتووە (نەقیب سەردەشت، ١٣٨٥: ١١٦). یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە ئەم ئامێرە نەی بەردەوام لە نەریتی ئایینیدا بەکارهێنراوە، کلۆربوونی ئەم ئامێرەیە، بۆیە کلۆربوونی شمشاڵ وەکوو هێمایەک بۆ بۆشبوونی جەستەی مرۆڤ لە کاتی جەزبە هاتووەتە ئەژمار. لەخۆنەمان حاڵەتێکە کە جەستەی مرۆڤ لە گیانی بەتاڵ و لە زاتی خودا پڕ دەبێتەوە (Doubleday, 1999). بە جۆری دارینی ئەم ئامێرە شەباب دەڵێن. شەباب لە نەریتی ئایینی کوردانی ئێزدیدا شوێنێکی تایبەتی هەیە.

## شیکاری داتاکان

### کات و شوێن لە نەریتەکانی تایبەت بە خانەقاکاندا

پیرۆز و ناپیرۆز، لەو دیاردانەن کە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانی خۆی لە سەر زەوی تا ئێستا بەبەردەوامی ڕووبەڕووی شێوە جۆراوجۆرەکانی بووەتەوە، ئەگەرچی ئەم چەمکانە لە سای

بەردەوامێتـی دینـە ئیبراهیمییەکانـدا، تایبەتمەندییەکـی یەکجـار ئایینییـان لەخـۆ گرتـووە و لـە کۆمەڵێـک کـرداری ئایینـی لـە ژێـر نـاوی دەبـێ و نابـێ کـورت کراونەتـەوە، ڕیشـەی سـەرەکی ئەوان بـۆ بیروباوەڕەکانی جیهانـی دێریـن دەگەڕێتـەوە لـەو چەمکانـەی وەکـوو کات و شـوێنی ئۆسـتوورەیی. کات و شـوێن لـە جیهانـی ئۆسـتوورەییدا، دەرکەوتەیـەک لـەو دنیـان و لـە ژیانـی مرۆڤەکانـدا بـە فۆرمگەلـی جۆراوجـۆرەوە دووبـارە بوونەتـەوە.

### ١. کات لە نەریتەکانی تایبەت بە خانەقاکاندا

سـەرەڕای ئـەو بیرۆکـە زاڵـەی کـە لە سـەر چەمکی ئۆستوورە و هەڵسوکەوتە پێوەندیدارەکانییەوە هەیە، مەبەسـتی ئیلیـادە لـە کاتـی پیـرۆز پێکهاتەیەکـە کـە بـە سـەر بەڕێوەچوونـی سـووڕی نەریتەکانـدا زاڵ بـووە. نەریتەکانـی تایبـەت بـە خانەقـاکان وەهـا تێکـەڵ بـە کات بووینـە کـە شـیکردنەوەیان، بەبـێ سـەرنجدانە سـەر ئـەم بابەتـە، ناتـەواو و بێمانایـە. بێجگـە لـە دانیشـتنەکانی هەفتانـەی زیکـر کـە بەبەردەوامـی لـە ڕۆژە دیاریکراوەکانـدا لـە هەفتـەدا بەڕێوەدەچـێ، نەریتەکانـی دیکـە و بۆنە جیـاوازەکان سـاڵێ جارێـک- لـە ماوەیەکـی دیاریکـراودا لـە ڕۆژژمێـری کۆچیدا- بەڕێـوە دەچـن. نەریتـی زیکـری هەفتانـەی دەروێشـەکان و سـۆفییەکان، دوو جـار لـە هەفتەیەکـدا جێبەجـێ دەکـرێ، زۆرتـر لـە ڕۆژانـی دووشـەممە و پێنجشـەممەی هەمـوو هەفتەیـەک. ئـەم دانیشـتنانە لـە کاتـە جیـاوازەکان و جیاجیـا بـۆ ژنـان و پیـاوان بەڕێـوە دەچـن. کۆبوونـەوەی ژنـان زۆرتـر لـە دوانیـوەڕۆکان، پـاش نوێـژی عەسر و هـی پیاوان لـە شـەوەکاندا، پـاش نوێـژی مەغریـب، دەکرێـن. کردنـی بۆنـە ئیسـلامییەکان لـە ناوچـە کوردنشینەکانیشـدا، ڕەنگێکـی خانەقاییـان لـە خـۆ گرتـووە. ئـەم بۆنانـەش بـە وتنـی سروودە خانەقاییـەکان و لێدانـی دەف ڕازاونەتـەوە. جێـی سـەرنجە کـە لـە دەرەوەی ئـەو بۆنـە کاتییانـەی- جێگیر، یـان ناجێگیر- هیـچ ئامێرێـک لـێ نادرێت، بۆیـە دەکـرێ بوتـرێ کـە ئـەم دۆخـە کاتییانـە، گرینگییەکـی سـیمبۆلیکیان بەخشـیوەتە ئامێرەکانـی موزیـک و بۆنـە جیـاوازەکان. شـەعیری بـەم دۆخـە کاتییانـە دەڵـێ «کاتـی ئۆسـتوورەیی» (١٣٨٨: ١٣٦). ڕەنگـە ئەنجامـی سـووڕی نەریتـەکان- لـە ڕۆژگـەل، یـان مانگگەلێکـی دیاریکـراو لـە سـاڵدا - لـە سـەرەتادا وەبیرهێنـەری پیرۆزبوونـی هەنـدێ لـە ڕۆژەکانـی هەفتـە، یـان ماوەکانـی سـاڵ لـە ئایینـی ئیسـلامدا بـن، بـەڵام نابـێ لـە بیـر بکـرێ کـە بەردەوامێتـی لـە دووبارەکردنـەوەی نەریتەکانـی زیکـر و سـەمای ئایینـی، ئـەم بۆنانـە بـە کاتـی ئۆسـتوورەیییەوە گـرێ دەدات. مرۆڤـی ئایینـی بەهـۆی بەشـداریکردن لـە بۆنـە دیاریکراوەکانـدا لـە درێژەپەیداکردنـی نائایینـی کاتـی ناپیـرۆز پشـوو وەردەگـرێ (ئیلیـادە، ١٣٧٥: ٥٥).

وادیـارە کـە تەریقەتـەکان بـۆ تێپەڕیـن لـە کاتـی هێڵـی - مێژوویـی و چوونـەژوورەوە لـە کاتـی ئەبـەدی و پیـرۆز، بۆنەکانـی بەشـێوەی سـووڕی بەڕێـوە دەبـات. دووبارەکردنـەوەی کاتـی پیـرۆز بەهـۆی پاتەکردنـەوەی ئایینـەکان بـواری دەدرێ و هەڵسـوکەوتەکانی مـرۆڤ لـە کاتـی بەجێگەیانـدن و لـە پێـش و لـە پاشـیدا لێـک جیـا دەکاتـەوە (هەمـان ٦٦ و ٦٥).

### ٢. گرینگی بۆشایی و سووڕینەوە لە نەریتەکانی تایبـەت بـە خانەقاکاندا

بەپێچەوانـەی ئەزموونی ناپیـرۆز کە شـوێن وەک دیاردەیەکـی بێبایـەخ، لاواز و هاوچەشـن پێناسـە دەکات، ئیلیـادە پیرۆزییەکـی سروشـتی بـۆ دادەنـێ و پێـی وایـە کـە دۆزینـەوەی ئـەم شـوێنە لای

مرۆڤی ئایینییەوە بایەخێکی زۆری هەیە. ئێلیادە شوێنە پیرۆزەکان بە ڕاستەقینە دەزانێ، لە لای ئەوەوە هەر شوێنێکی تر بێجگە لەم شوێنە بێ پێکهاتەیە (هەمان، ٢١). بەڕای ئێلیادە شوێنی پیرۆز لە بەردەستی هەمووانـدا نییە و بە ئاسانیش ناناسرێتەوە. بەپێی بۆچوونی ئەو خەڵکی لە هەڵبژاردنی شوێنی پیرۆزدا سەربەست نین و تەنیا بەهۆی نیشانەکانییەوە بۆیان ئاشکرا دەبێ (هەمان، ٢٦). بیرۆکەی شوێنی پیرۆز لە نەریتەکانی تایبەت بە خانەقاکان لە کوردستاندا لە دوو ڕوانگەوە شی دەکرێتەوە. یەکەمینیان تایبەت بە هێما شوێنییەکانە و ئەوەی تر بۆ فۆرمی سەمای ئایینی و زیکری بەکۆمەڵ لە خانەقاکاندا دەگەڕێتەوە.

### ١,٢. هێمای شوێنی (جووڵاندن لە خوارەوە بۆ بان)

بۆ ڕاگرتنی ئامێری دەف، هەر دوو دەست بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە – وەکوو لە حاڵەتی نزا و پاڕانەوەدا بێ. لە کاتی ژەنینی ئەم ئامێرەشدا دەفەکە بەردەوام بەرەو سەر و بەرەو خوار دەجووڵێنن، بۆیە چۆنێتی لێدانی ئەم ئامێرە لایەنێکی نیشانەیی هەیە و دەکرێ لە ڕووی ڕەمزییەوە وەکوو «جووڵە بەرەو سەر» لێک بدرێتەوە. ئەمبێرتۆ ئیکۆ بەم شێوەیە لە گۆڕانی شوێنە «هەستیاربوون بە شوێن» دەڵێ (١٣٩٩: ٣١). ئەم جێگەگۆڕینە لە ڕووی نیشانەناسییەوە ئاماژە بۆ شوێنێکی تایبەت دەکات کە بەشێک لە ناسنامەی ئامێرەکەیە و پێوەندییەکی دەروونی لەگەڵیدا هەیە. بە هەر جووڵاندنێکی ئامێرەکە بەرەو سەر، جیهانی بەرز دەردەکەوێ کە لە سەردەمانی کۆنەوە تا ئێستا وەکوو هێمای جیهانی سەرەوە، ناسراوە. سەرەڕای ئەوەش کە وترا لە چۆنێتی ڕاگرتنی ئامێرەکەدا، پێوەندییەکی جەستەیی سەرنجڕاکێش هەیە. ژەنیارەکان ئەم ئامێرە لە نزیکی دڵ و ناوکی خۆیان ڕادەگرن، ناوک و دڵ لە دێرزمانەوە وەکوو دوو ناوەندی گرینگی ڕوحی بۆ مرۆڤ هاتووەتە ئەژمار.

ئاماژە بە سەرەوە، ئاماژە بە جیهانێکە کە ژەنیار بە دووبارەکردنەوەی دانی پێدا دەنێ (ئێلیادە، ١٣٧٥: ٣٠). وا دیارە باوەڕداران بەو بڕوایەی کە دەف لەگەڵ شانشینە ئاسمانییەکانەوە دەیانبەستێتەوە، ئەم ئامێرەیان لە سەردەمانی کۆنەوە تا ئێستا بۆ ساز کردنی ڕێوڕەسمی ئایینی هەڵبژاردووە. دوور نییە مەنتیقی بەخشینەوەی نوقڵ و شیرینی پاش ئەوەی کە دەف لە ڕووی پێستەکەیەوە کەوتە سەر زەوی، لادانی ئەم ئامێرە لەم ئەرکەی نەبێ. لە چۆنێتی گرتنە دەستی هەندێک لە ئامێرە فوویستەکانیشدا ئەم شوێنگۆڕینە بەدی دەکرێت.

لە درێژەی لێدانی بڕێک لە ئامێرە فووییەکاندا، لوولەی ئامێرەکە بەرەو ژوور دەکەنەوە، ئەم کارەش ئاماژەیەکە بۆ سەرەوە. شوێنگۆڕین لە کاتی لێدانی ئامێرە فووییەکاندا بە دوو شێوە لێک دەدرێتەوە. جووڵە بەرەو بان ڕۆیشتن، بەرەو شکۆمەندی خوایی و مەزنایەتی ئەوەیە و جووڵە بەرەو خوار وەکوو پێوەندیگرتن لەگەڵ جیهانی مردووەکانە (قەرەسوو و زاکیرجەعفەری، ١٣٩٩: ٥٢).

سەرەڕای لایەنی نیشانەیی شوێن لە چۆنێتی لێدانی ئامێری دەف، نموونەگەلێکی هاوشێوە لە نەریتەکانی دیکەی تایبەت بە خانەقاکاندا بە دی دەکرێ. لە درێژی زیکر و سەمای بەکۆمەڵدا، موریدەکان سەری خۆیان بەردەوام بەرەو بان و بەرەو خوار و لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەجووڵێنن. ئەوان لە درێژەی زیکری سەماکەشدا لە ڕاستەوە

بۆ چەپ هەنگاو دەنێن. بەرزکردنەوەی قۆڵەکان لە کاتی نزا، بەگشتی و ئەو دەستهەڵبڕین و هەڵبەزدابەزانەی کە موریدەکان لە کاتی جەزبەدا دەیکەین، هەمووی ڕەمزێکە بۆ هەبوونی جێگەیەکی بەرزتر لە چاو شوێنی تێدا ژیانی مرۆڤەکان. مەزنایەتی و شکۆمەندی خودای گەورە لای مرۆڤەکانەوە هەمیشە لە سەرەوە ڕەچاو کراوە. هەندێک لە دەروێشەکان لە کاتی زیکری قیامدا، دەستی ڕاستی خۆیان بەرەو ئاسمان بەرز دەکەنەوە، ئەم کارەش وەکوو نیشانەیەکە بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ سەرچاوەی ژیان و داواکردنی خێر لەو (نەسرۆڵاپوور، ١٣٧٨: ٧٧).

**٢, ٢. دەرکەوتنی بازنە، ناوەند و جووڵەی بازنەیی لە ئامێرەکانی مۆسیقا و لە نەریتە جیاوازەکانی تایبەت بە خانەقاکاندا**

دیوی ناوەوەی خانەقاکان و تەکیەکان وەکوو مزگەوتەکانی ئەم هەرێمانە بێ جوانکارین. ئایەتەکانی قورعانی پیرۆز، وێنەی گەورەکانی تەریقەت، درەختی خێزانی و بەیاخی سەوز و سپی تەنیا جوانکارییەکن کە لە بەدیهێنانی کەشێکی مەعنەوی لەم شوێنەدا ڕۆڵیان هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە شوێنی سەرەکی کۆبوونەوەکان تەکیە و خانەقایە، بێجگە لە زیکری هەفتانە کە لە تەکیەکاندا دەکرێت، هیچ پێویستییەک بەوە نییە کە ڕێوڕەسمەکانی تر لەم شوێنەدا بەڕێوەبچن. مزگەوت، ماڵی موریدەکان و دەرەوە لەو شوێنانەن کە ڕێوڕەسمەکانی تەریقەتەکانی تێدا بەڕێوە دەبەن، بۆیە دەکرێ بوترێ کە بازنەدان مەرجی سەرەکی و گرینگ لە کردنی هەر نەریتێکی خانەقاییە، چونکە شوێنێکی تایبەتیان بۆ تەرخان کردووە، بەڵام لە هەموو شوێنێکدا ڕێوڕەسمەکان بەڕێوە دەچن.

لەبەر ئەوەی کە بازنە لە پێکهاتەی خۆیدا دەستپێک و کۆتایی بۆ نییە، لە دێرزمانەوە وەکوو هێمای کامڵبوون و بێپایانی هاتووەتە ئەژمار. سەرەڕای ئەوەش بێجگە لەو پیرۆزییەی کە ئەم وێنە ئەندازەیییە بە درێژایی مێژوو بەخشیویەتییە خۆی، بازنەدان وەکوو شێوەیەک لە دروستکردنی شوێنی پیرۆزە کە بە مەبەستی جیاکردنەوەی بۆشایی نێوان دەرەوە و ناوەوەی دەکرێ، بۆیە دانیشتنی بازنەیی، یان وەستان لەسەرپێ بە بازنەیی لە زیکر و سەمادا، جۆرێک لە ڕەمز دەژمێردرێ. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە دیوی ناوەوەی- واتا شوێنی پیرۆز- لە بەرانبەر هێرشی هێزە نەگریسەکاندا دەپارێزێ. ئەم نیشانەگەرییە ڕێژەی هەڵسوکەوتی ئایینی مرۆڤ - کە لێرە موریدەکانن- لە چاو شوێنی ژیانی ئەوان دەستنیشان دەکات (ئیلیادە، ١٣٧٥: ٣٢).

سەرەڕای وێنەی ئەندازەیی دانیشتنەکانی زیکر و سەمای ئایینی، ئامێرەکانی دەف، تاس و دووتەپڵەش بازنەیین. بازنە تەواوترین وێنەی ئەندازەیییە و لە بەر ئەوەی کە بێ ئاراستەیە، خاوەن خاڵی ناوەندییە و دەرفەتی جووڵەی بازنەیی دەستەبەر دەکات لە وێنە ئەندازەیییەکانی تر جیا دەکرێتەوە. لە ئێرانی کۆندا بازنەیان وەک هێمای ڕووناکی زانیوە. لە سەردەمی ئیسلامیدا ئەم وێنە ئەندازەیییە وەکوو هێمای خوایی پەسەند کراوە. خرتبوون تەنیا وێنەیەکی ئەندازەیییە کە توانیویە مەزنایەتی و شکۆمەندی خودا لە ئایینی ئیسلامدا دەربخات (بوکوور، ١٣٧٦: ١٠٤). دەف هێمای خۆرە، لە هەموو ئەو ئایین و ئەفسانانەدا کە خۆر ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە، وێنەی خۆر وردەوردە بووەتە بازنە و وەکوو هێمایەک بۆ هەتاو لە هونەرە ئایینییەکاندا

ڕەنگی داوەتەوە (مووسەوی نیا، ١٣٨٨). بازنە هێمای تەواوەتییە و نزیکترین وێنەی ئەندازەیی بە خۆری هەیە (کاسیرێر، ١٣٧٨: ٢٢١؛ بایار، ١٣٧٦: ١٢٠). هەتاو لە جیهانی دێریندا ڕەمزی دەستپێکی ژیان و هەبوونە (گێنۆن، ١٣٩٨: ٩٣). ئەم دیاردەیە لە ئەفسانە ئێرانییەکاندا، شوێنێکی تایبەتی بۆ خۆی تەرخان کردووە. بەشێک لە یەشتەکان بە ناوی خۆریەشتەوە ناسراوە. وادیارە کە بێجگە لە ئاماژەی عیرفانی بۆ قوتب و ڕێپیشاندەر، یەکێکی تر لەو هۆکارانە هەر ئەمە بێ کە لەسەر هەندێک لە دەفەکانی کوردستاندا، وێنەیەک وەک تیشکی خۆر دەرکەوتووە (بڕوانە وێنەی خوارەوە).

ناوەند و سووڕانەوە بە دەوریدا جێ سەرنجی موریدەکان لە خانەقاکانی کوردستان بووە. سووڕانەوەی بازنەیی ئاماژەیەکە بۆ بەردەوامێتی و جووڵەیەکی بێ هەڵبەز و دابەز، جێگیر، بێ دەستپێک و بێکۆتاییە. وا دەردەکەوێ پێکهاتەی بازنەیی سەمای سۆفیانە، لاساییکردنەوەیەک بێ لە سووڕانەوەی ئەستێرەکان بە دەوری خۆردا. هەموو گەڕئەستێرەکان لە دەوری خۆرێک دەسووڕێنەوە کە ناوەڕاستی گەردوونە و وەکوو هێمایەک بۆ خودا دەناسرێ (مەدەنی، ١٣٩٧). لە دێرزمانەوە ناوەند شوێنێکی تایبەتی لە ئەفسانە و عیرفاندا هەبووە. ئیلیادە لە کتێبەکانی خۆیدا پاش ئاماژەدان بە چەند نموونەیەک لە پێگەی ناوەند لە ئەفسانەکانی



دەفی ڕازێنراو بە تیشکی خۆر

ڕۆژهەڵاتدا، ئەم دیاردەیە وەک شوێنی یەکگرتنی ئاسمان و زەوی دەناسێنێ (ئیلیادە، ١٣٧٢: ٣٥٢). بەپێی نەریتەکانی مێزۆپۆتامیا، مرۆڤ لە ناوەندی زەویدا خوڵقاوە. بەپێی چیرۆکەکانی ڕیگڤیداش جیهان لە خانەیەکی ناوەندی بەدیهاتووە و دواتر گەشەی سەندووە (ئیلیادە، ١٣٧٥: ٣٥). لە ئەفسانە ئێرانییەکانیشدا هاتووە کە ئەهوورامەزدا، گیوومەرز و گای پیرۆزی لە ناوەندی جیهاندا خەڵقکردووە (ئیلیادە، ١٣٧٨: ٣٠).

لە کوورەی زیکردا هەندێک لە موریدەکان حاڵیان لێ دێ و بەرەو ناوەندی ئەڵقەکە دەڕۆن. دەکرێ ئەم ئاکارە وەکوو وێنەی هەستپێکراوی ئایەتی «اناللە و انااليەراجعون» بیری لێ بکرێتەوە. خەلیفە میرزا ئاغە غەوسی هۆکاری حەی حەی کردنی بەردەوامی دەروێشەکان و سۆفییەکان لە ئەڵقەی زیکردا، دیتنی نووری خودا دەزانێ (دەروێشی، ١٣٧٦: ٤٨). زۆرینەی ئەو موریدانەی کە لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا دەرفەتی گفتوگۆ لەگەڵیان ڕەخسا، نەیاندەتوانی بە وردی باسی ئەو حاڵەتەی خۆیان بکەن. بەدڵنیاییەوە جەزبە، ئەزموونێکی جیاواز لەگەڵ هەستەکانیترە و گۆڕانی لەناکاوی موریدەکان نیشانەی تێپەڕینی ئەوان لە ناپیرۆزەوە بۆ پیرۆزە (فاتمی، ١٣٧٨). خاتوو فەهیمە چۆنێتی ئەم ئەزموونە بە توانایی دەروونی موریدەکان و هێزی گیانی ئەوان دەبەستێتەوە، بەڕێزیان کە تا ئێستا چەندان جار ئەم حاڵەتەی ئەزموون کردووە، دەڵێ حاڵ لێهاتن وەک ئەوەیە کە لە نێوان ئاسمان و زەویدا هەڵواسرابی. ناجێگیربوونیش ئاوەڵناوێکە کە خاتوو حەسیبە بۆ وەسفکردنی ئەم ئەزموونە مەعنەوییە بەکاری دێنێت. لەکاتی جەزبەدا دەڵێ کە گیان لە چوارچێوەی جەستە دەدات تا لێی

دەربـاز ببـێ. بێگومـان ئـەم وێنەیـە یەکێـک لـە قووڵترین ماناکانی شوێنی پیرۆزە کە دابڕان لە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکیتر دەردەخـات.

تێپەڕیـن لـە هەرێمێکـی گەردوونییـەوە بـۆ هەرێمێکیتـر بـە جووڵـەی موریدەکانـەوە بـەرەو ناوەند دەستەبەر دەبێت. ڕۆیشتن بـەرەو ناوەنـد نەریتێکە بۆ تێپەڕین لە ناسووتەوە بۆ لاهووت، لـە مەرگـەوە بـۆ ژیـان، لـە مرۆڤـەوە بـۆ خـودا (ئیلیـادە، ١٣٧٨: ٣٢). لە نەریتـە سامییەکاندا بەرزبوونـەوەی ئایینـی زۆرتـر بـەرەو ئاسمان و لـە ناوەنـدەوە دەسـتەبەر بـووە (مەدەنـی، ١٣٩٧). لەگـەڵ ئەوەشـدا وەجد تەنیا لـە کاتـی لێدانـی موزیکدا دەسـتەبەر نابێ. هەمـوو ئـەو کەسانەش کـە لـە نێـو ئەڵقـەی زیکرەکـەدان، حاڵیـان لـێ نایـە.

مۆسـیقا هـۆکاری سـەرەکی بەڕێوەبردنـی زیکـری قیامـە، بـەڵام بـە درێژایـی ئـەو زیکرانـەش کـە بەدانیشـتنەوە دەکرێـن و موزیـک لـێ نـادرێ، ئەگـەری حـاڵ لێهاتنـی هەندێـک لـە موریـدەکان هەیـە. حـاڵ لێهاتـن نیشـانەیەک لـە بەرەکـەت و ڕەحمەتـی خودایـە و بەسـتنەوەی بـە مۆسـیقا کارێکـی نەشـیاوە (Bruinessen, 1992: 238-240). ڕۆژە جووڵاندنـی جەسـتە بـە هـۆکاری حاڵ لێهاتنـی موریـدەکان دەزانـێ (فاتمـی، ١٣٧٨). ئاشـکرایە کـە ئـاکاری فیزیکـی، واتـا بازنـەدان و جووڵاندنـی بەردەوامـی سـەر و لـەش، لەگـەڵ دەنگـی مۆسـیقاکە تەنیـا دەروازەیـەک بـۆ وەجـد دەکەنـەوە و زەمینەیـەک بـۆ پەیوەندیگرتـن لەگـەڵ ئەوپـەڕی جیهـان ئامـادە دەکات.

## ئەنجام

لەگـەڵ ئـەوەی کـە قـادری و نەقشـبەندی لـەو ڕێبـازە عیرفانـی- ئیسـلامییانەن کـە لـە هەندێـک وڵاتـی ئیسـلامیدا گەشـەیان سـەندووە، وەرگرتنـی ئـەم تەریقەتانـە و بەردەوامێتـی فەرهەنگـی ئـەوان، تێکـەڵ بـە هەنـدێ خـوازە و ڕەمـز بـووە کـە گرێدراوەتـە جیهانبینییەکانـی دنیـای کۆنـەوە. بەڕێوەبردنـی نەریتـەکان بەشـێوەی سـووڕی بەڕێوە دەچـن و جیـا لـەو کاتـە دیاریکراوانـەی کـە بـۆ بەجێگەیاندنـی هەرکامەیـان دەستنیشـان کـراوە؛ هیـچ نەریتێـک بەڕێـوە ناچـێ. دانیشـتنەکانی زیکـر کـە وەکـوو سـەرەکیترین ڕێوڕەسـمی خانەقـاکان ناسـراون، لـە ڕۆژگەلـی دووشـەممان و پێنجشـەممانی هەمـوو هەفتەیەکـدا بەڕێوەدەچـن. ڕێوڕەسـمەکانی دیکـە سـاڵێ جارێـک بەڕێـوە دەچـن.

بێجگـە لـە ڕێوڕەسـمی پیرشـالیار کـە ڕێوڕەسـمێکی کۆنـە و تایبـەت بـە ناوچـەی هەورامانـە، ئەوانـی تـر لـە کاتێکـی دیاریکـراو لـە ڕۆژژمێـری مانگیـدا دەکرێـن. بەپێـی بۆچوونـی ئیلیـادە دووبارەکردنـەوەی نەریتـە جیـاوازەکان لـە کاتـی دیاریکـراودا، لایەنێکـی تـازە لـەو نەریتانەیـە و بـە واتایەکـی تـر هاوکاتبوونـەوە لەگەڵیانـە. لـە لایەکـی تـرەوە، لـە بەڕێوەبردنـی زۆربـەی نەریتـەکان بەتایبـەت لـە زیکـری قیامـدا لـە ئامێرگەلـی دەف، تـاس، دووتەپڵـە و شمشـاڵ سـوود وەردەگیـرێ. بێجگـە لـە فۆڕمـی دەف، تـاس و دووتەپڵـە کـە لایەنێکـی نیشـانەییان هەیـە و بازنەییـن، چۆنێتـی لێدانـی ئـەم ئامێرانـەش بـە شـێوەیەکی ڕەمـزی جێبەجـێ دەکرێـن. ئـەم تایبەتمەندییانـە بوونەتـە هـۆی ئـەوەی ئامێـرەکان، بایەخێکـی غەیرەدەنگـی بگرنـە خـۆ و مۆڵەتـی چوونـەژوورەوە لـە دانیشـتنە عیرفانییەکانیـان پـێ بـدرێ. بـۆ ڕاگرتنـی ئامێـری دەف، هـەر دوو دەسـتی ژەنیارەکـە نزائاسـا بـەرەو ئاسـمان بەرزدەبنـەوە. لـە کاتـی لێدانەکەشـیدا، دەفەکـە بـەردەوام بـەرەو ژوور و بـەرەو خـوار دەکرێتـەوە. پێسـتەکەی سـەر

تــاس و دووتەپڵــەش وەكــوو ڕەمزێــک بــۆ ڕوحــی مرۆڤــە، بۆیــە پێداكشــانی بــەردەوام و تونــد لەســەر ئــەم ئامێرانــە، پاكبوونــەوەی گیــان و پاڵاوتنــی ڕوح دێننــەوە یــاد. بــێ قەمیشــبوونی ئامێــری شمشــاڵیش وەكــوو تایبەتمەندییــەک بــووە كــە ئــەم ئامێــرەی بردووەتــە نێــو خانەقاكانــەوە. لەگــەڵ ئــەوەی كــە ئیلیــادە لــە كتێبەكــەی خۆیــدا بــە ڕاشــكاوی باســی فۆڕمــی ئەندازەیــی پیــرۆزی نەكــردووە و لــە پێناســەی شــوێنی پیــرۆزدا تەنیــا لــە ناهاوچەشــنبوونی بۆشــایی ناودەبــات، دەكــرێ بوتــرێ كــە دووبارەكردنــەوەی بەردەوامــی فۆڕمــی بازنــە لــە بەڕێوەبردنــی هەمــوو زیكرەكانــی تایبــەت بــە خانەقــاكان و تەكیەكانــدا، جۆرێــک لــە دروســتكردنی بۆشــایی جیــاواز و ناهاوچەشــنە.

ئاشــكرایە كــە ناوەرۆكــی دوو بۆشــایی پیــرۆز و ناپیــرۆز لێــک جیــاوازە و لــە هیــچ كامەیانــەوە بــۆ ئەویتــر ڕێگــە نییــە، مەگــەر ئــەوەی كــە مــرۆڤ بڕواتــە نێــو بارودۆخێكــی تایبــەت لــە كات و شــوێندا، بۆیــە دەكرێ بوتــرێ كە دروســتكردنی بازنە، لــە كاتگەلێكی دیاریكــراو و هــاوكات لەگــەڵ لێدانــی ناوبەنــاوی ئامێرەكانــی موزیــک، شــێوازێک لــە پێوەندیگرتــن لەگــەڵ جیهانــی پیــرۆزە، كــە تەریقەتەكانــی هەرێمــە كوردنشــینەكان لــە ئــاكاری ئایینی خۆیانــدا قەبووڵیان كــردووە.

## سەرچاوەكان:


(١) اكــو، اومبرتــو. (١٣٩٩). نشانەشناســی. ترجمــة پیــروز ایــزدی. تهــران: ثالــث.

(٢) الیــاده، میرچــا. (١٣٧٢). رســاله در تاریــخ ادیــان. ترجمــه جــلال ســتاری. تهــران: ســروش.

(٣) ـــــــــ. (١٣٧٥). مقدس و نامقدس. ترجمة نصرالله زنگویی. تهران: سـروش.

(٤) ـــــــــ. (١٣٧٨). اسـطورة بازگشـت جاودانـه. ترجمـه بهمـن سـرکاراتی. تهـران: قطـره.

(٥) بایـار، ژان پیـر. (١٣٧٦). رمزپردازی آتش. ترجمـه جـلال سـتاری. تهـران: مرکـز.

(٦) بلخـاری قهـی، حسـن. (١٣٩٥). سرگذشـت هنـر در تمـدن اسـلامی. تهـران: سـوره مهـر.

(٧) بوکـور، مونیـک دو. (١٣٧٦). رمزهـای زندهجـان. ترجمـه جـلال سـتاری. تهـران: مرکـز.

(٨) توکلی، محمدرئوف. (١٣٦٠). تاریخ تصوف در کردسـتان. تهران: اشـراقی.

(٩) جاوید، هوشنگ. (١٣٧٩). سماع: سیری در حرکات آیینی مذهبی دراویش. مقام موسـیقایی. (٨). ٤٤–٥٥.

(١٠) درویشـی، محمدرضـا. (١٣٧٦). آیینـه و آواز. تهـران: حـوزه هنـری سـازمان تبلیغـات اسـلامی.

(١١) ـــــــــ. (١٣٨٤). دایرەالمعـارف سـازهای ایـران (پوسـتصداها و خودصداهـای نواحـی). تهـران: ماهـور.

(١٣) رحیمیـان، مهدی. (١٣٧٩). زمـان، در هنـر مقـدس: زمـان در اندیشـههای فلسـفی. هنـر. ٤٦: ١٢٦–١٣٦.

(١٢) ردمونـد، لینـد. (١٣٨٦). آن هنـگام کـه دایرەنـوازان زن بودنـد. ترجمـه کیـوان پهلـوان و محمـد ریاحـی. تهـران: ماهـور.

(١٣) شـعیری، حمیدرضـا. (١٣٨٨). مفهـوم زمان در نظام همنشـینی صـوری مراسـم عاشـورا.

(١٤) مجموعـه مقـالات چهارمیـن هماندیشـی نشانەشناسـی هنر بـه انضمـام مقالات هماندیشی سـینما. ١٣٥–١٥٣.

(١٦) علمی، قربان. (١٣٩٣). الیاده و هستیشناسی مقدس. پژوهشهای هستیشناختی. ٣ (٥). ١–٢١.

(١٧) فاطمی، سـاسـان. (١٣٧٨). موسـیقی قدسـی در گواتی و سـماع. هنر، (٤٠)، ١٧٦–١٩٥.

(۱۸) قره‌سـو، مریـم؛ و ذاکرجعفـری، نرگـس. (۱۳۹۹). کارکردهـای چندگانـه کرنـا در آیین‌هـای مذهبی و سـوگواری منطقه شرق گیلان. نشـریه هنرهـای نمایشـی و موسـیقی. د ۲۵، ش ۲: صـص٥٦-٤٥.
(۱۹) کاسـیرر، ارنسـت. (۱۳۷۸). فلسـفة صورت‌هـای سـمبلیک. ترجمـه یداللـه موقـن. تهـران: هرمـس.
(۲۰) گنون، رنـه. (۱۳۹۸). سمبول‌های بنیادین: زبـان جهان‌شـمول علـم مقـدس. ترجمـه دل‌آرا قهرمانـی. تهـران: حکمـت.
(۲۱) گوشـبر، حمیدرضـا. (۱۳۹۲). بررسـی کارکردهـای رقـص سـماع در طریقـت قادریـه.
(۲۲) پایان‌نامـه کارشناسی‌ارشـد هنر اسـلامی- نگارگـری، اصفهـان: دانشـگاه هنر اصفهان.
(۲۳) ماملـی، سـالار. (۱۳۹٦). کاربردهـا و کارکردهـای دف در خانقاه‌هـای کردسـتان موکریـان. پایان‌نامـه کارشناسـی ارشـد اتنوموزیکولـوژی، تهـران: دانشـگاه هنـر.
(٢٤) محمدی، بهروز. (۱۳۷۹). دف. کرمانشـاه: ماهیدشـت.
(۲۵) مدنـی، امیرحسـین. (۱۳۹۷). بررسـی نمادهـا و کارکردهـای کهن‌الگـوی «دایـره» بـا تأکید بـر تفکر اسـطوره‌ای و عرفانـی. فصلنامـه ادبیـات عرفانـی و اسطوره‌شـناختی، ١٤ (٥٣)، ۲۸۱-۳۲۰.
(٢٦) مصطفایی، عزیز، منصوری‌مقدم، منصور. (۱۳۹۹). مردم‌شناسـی طریقت قادریـه در منطقـه هورامـان کردسـتان. نامـه انسان‌شناسـی،۱۷ (۳۱)، ۲۷۳-۳۰۱.
(۲۷) موسـوی‌نیا، زهـره. (۱۳۸۸). دایـره نمـاد دینـی در تمدن‌هـای بین‌النهریـن، ایـران، آییـن بودایـی هنـد و چیـن. هنـر. ۱۳۱. ۱۰۸-۱۱۳.
(۲۸) نصراله‌پور، علی‌اصغر. (۱۳۷۸). سـازهای کرد. کرمانشـاه: سـپهر.
(۲۹) نقیب‌سردشـت، بهـزاد. (١٣٨٥). نگرشـی بـر سازشناسـی موسـیقی کردی. تهـران: توکلی.
(30) Bruinessen, Martin Van. (1992). Agha, Shaikh, and State. London: Zed Books Ltd.
(31) Doubleday, Veronica. (1999). The Frame Drum in the Middle East: Women, Musical Instruments, and Power. Ethnomusicology. 43 (1): 101-134.